به چاودێری وپاڵپشتی ڕێزدار سەرۆك مه سعوود بارزانی
پێشانگای نێودەوڵەتی هەولێر بۆ کتێب
معرض أربيل الدولي للكتاب 17
المدى للإعلام والثقافة والفنون
Media Culture & Arts
9-19 ی نیسانی 2025
هەولێر - پارک سامی عەبدولڕەحمان
جیهان بەکوردی دەدوێت
پاشكۆیەكی رۆژانەیە دەزگای راگەیاندن ورۆشنبیری وهونەری المدى دەری دەكات
| ژمارە (٣) ساڵی بیست ودووەمین- هەینی(١١)نیسان ٢٠٢٥ |
http://www.almadapaper.net Email: info@almadapaper.net

# سەرۆك بارزانی پێشوازی لە ژمارەیەك نووسەر و ڕۆشنبیری عەرەب دەكات



ئێوارەی ڕۆژی پێنجشەممە 10ی نیسانی 2025 لە سەلاحەددین سەرۆك مەسعود بارزانی پێشوازی لە ژمارەیەك ئەدیب و نووسەر و کەسایەتیی ڕۆشنبیری عەرەب کرد کە بە مەبەستی بەشداری لە حەڤدەهەمین پێشانگای نێودەوڵەتیی کتێب سەردانی هەولێریان کردووە.


لەو دیدارەدا شاندی میوان ستایشی ڕۆڵی سەرۆك بارزانیان کرد لە پێشخستنی کولتووری دیالۆگ و پێکەوەژیانی سیاسی و فەرهەنگی لە هەرێمی کوردستان و عێراق، هەروەها بەردەوامیی پێشانگەی ساڵانەی کتێب لە هەولێر و هەوڵەکانی بەڕێز فەخری کەریم و دەزگەی ئەلمەدایان لە کردنەوەی پێشانگەی کتێبیان بەرز نرخاند و ئاماژەشیان بەوەدا پێشانگەی کتێب و چالاکیی هاوشێوەی فەرهەنگی فاکتەری بەهێزن بۆ پێشخستنی کۆمەڵگە و پەیوەندیی نێوان شارستانیەتەکان و دەوڵەمەندکردنی زمان و ئەدەبی گەلانی ناوچەکە.

هەر لەو دیدارەدا سەرۆك بارزانی بە گەرمی بەخێرهێنانی شاندی میوانی کرد و لە گوتەیەکدا ڕۆشنایی خستەسەر ڕۆڵی زانایان و ئەدیبانی گەورەی کورد لە خزمەتکردنی فەرهەنگ و ئەدەبی کوردی و گەلانی ناوچەکە و فەرهەنگ و ڕۆشنبیریی وەك بنەمایەکی گرنگ بۆ لێکتێگەیشتنی نێوان نەتەوە و گەلانی ناوچەکە وەسف کرد. هەروەها کورتەیەکی لە مێژووی سیاسیی عێراق و ناوچەکە و ئەو نەهامەتیانەی بەسەر گەلی کوردستاندا هاتووە بۆ شاندی میوان خستەڕوو.

لە بەشێکی تری ئەو دیدارەدا ئەندامانی شاندی میوان پەیوەست بە دۆزی کورد و بارودۆخی سیاسی و گۆڕانکاری و ئەگەر و پێشهاتە تازەکانی سووریا و ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست کۆمەڵێك پرسیار و ڕا و بۆچوونیان ئاراستەی سەرۆك بارزانی کرد و سەرۆك بارزانیش وەڵامی پرسیار و تێبینیەکانی دایەوە.



# سەرۆک بارزانی: ساڵ لەدوای ساڵ پێشانگەی کتێب پێشکەوتنی زیاتر بەخۆیەوە دەبینێت



رۆژی چوار شەممە9-4-2025، سەرۆک مەسعوود بارزانی، خولی 17مینی پێشانگەی نێودەوڵەتی کتێبی لە هەولێر کردەوە، کە ساڵانە بەهاوکاری وەزارەتی رۆشمبیری ولاوانی حکومەتی هەرێمی کوردستان رێکدەخرێت لەدوای بڕینی قردێلەی کردنەوەی پێشانگەکە، سەرۆک بارزانی بەیاوەری ژمارەی لە بەرپرسانی سیاسی بەشە جیاوازەکانی پێشانگەکەی بەسەرکردەوە .
سەرۆک بارزانی پیرۆزبای کردنەوەی پێشانگەکەی کرد، دڵخۆشی خۆی بە ئامادەبوونی میوانەکان دەربڕی و گوتارێکی پێشکەشکرد.
لە گوتارەکەیدا گوتی: ئەمە خولی حەڤدەهەمی پێشانگەی نێودەوڵەتی کتێبە لە هەولێر، گەورەبوونی ئەم پێشانگەیە ساڵ لەدوای ساڵ بەروونی دەبینرێت سوپاسی رێکخەران و دامەزراوەی ( المدی) وفەخری کەریم دەکەم کە ئەم پرۆژەیەیان بە شێوەیەکی باش ئەنجامدا.
لەدرێژەی گوتەکانیدا سەرۆک بارزانی رایگەیاند: ساڵ لەدوای ساڵ دەبینین پێشکەوتنێکی زۆر لە پێشانگەکەدا هەیە، هەرچەندە رۆژ بەرۆژ تەکنەلۆژیا لە پێشکەوتندایە بەڵام کتێب هەر دەمێنێتەوە بۆ هەموو کاتێک و سەردەمێک گرنگی کتێب وەکو خۆی دەمێنێت، وەکو لە شعرێکی موتەنەبیدا هاتووە لە هەموو کاتێکدا بەهێزترین هاورێی مرۆڤ کتێبە.
سەرۆک بارزانی بەگرنگیەوە گوتی: هەرێمی کوردستان سەرکەوتوانە رێگەی بۆ پێکەوە ژیان و ئازادی رادەربڕین وقبووڵکردنی جیاوازی ئاینی و مەزگەبی رەخساندووە لە کۆتایی گوتەکەیدا گوتی: بە ناوی حکومەتی هەرێمی کوردستان و پارێزگای هەولێر سوپاسی هەمووتان دەکەم بۆ ئامادەکردنی ئەم پێشانگەیە و بە تایبەتی دامەزراوەی (المدى) کە هەموو کات چالاکی کەلتووری هەڵدەبژێریت و باشترین پێشکەش بە هاوڵاتیان دەکات، و بەختەوەرین کە هەزاران ناونیشانی کتێبمان لە 350 بڵاوکەرەوە و 22 وڵاتی جیهان هەن.



# گوتاری سەرۆک بارزانی لە 17ـەمین پێشانگەی نێودەوڵەتی هەولێر بۆ کتێبی




بە ناوی خوای گەورە و مێهرەبان
میوانە بەڕێزەکان، ئامادەبووانی بەڕێز، هەمووتان زۆر بەخێربێن. زۆر خۆشحاڵین بە هاتنتان و ئومێدەوارم وەختێکی خۆش ببەنە سەر لە هەولێر. زۆر سوپاستان دەکەین بۆ هاتنتان.
ئەمڕۆ جارێکی دیکە دەبینین لە هەولێری پایتەختی هەرێمی کوردستان، 17ـەمین پێشانگەی کتێب دەکرێتەوە و ئەمە بووە بە نەریتێک کە جێگەی خۆشحاڵیمانە و بەم بۆنەیەوە دەستخۆشی لە فەخری کەریم دەکەم، هەروەها سوپاس و پێزانینم بۆ دەزگای (المدى) و بۆ هەموو ئەو بەڕێزانەی کە ئەرکیان کێشا و ماندووبوون لە جێبەجێکردنی ئەم بەرنامە ڕێکوپێکە.
ساڵ بە ساڵ دەبینین کە پێشانگەی کتێب بەرەوپێشچوونێکی زۆر بەخۆیەوە دەبینێت و هەر ساڵێک باشتر لە ساڵی پێشتر. ئینشائەڵلا ئەم کارە هەر بەردەوام دەبێت و هەر لە خۆشیدا بتانبینین.
هەرچەند دونیا بەرەوپێش بچێت، تەکنەلۆجیا بەرەوپێش بچێت، ئەو فەرموودەی شاعیری گەورەی عەرەب موتەنەبی، ئەو حەقیقەتە بە زیندوویی دەهێڵێتەوە کە دەڵێت «وخير جليس في الزمان كتاب» قیمەتی کتێب و ئەهەمییەتی کتێب بە هیچ شتێک لاناچێت، بەردەوام دەبێت و هەر بە زیندوویی دەمێنێتەوە.
بە دەرفەتی دەزانم باسی چەند بابەتێک بکەم ئەمڕۆ. یەکەم داکۆکی دەکەینەوە لەسەر پابەندبوونمان بەو فەرهەنگەی کە شانازی پێوە دەکەین، فەرهەنگی پێکەوەژیان، یەکتری قبووڵکردن، ئازادی بیروڕا، ئازادی دین، ئازادی مەزهەب. ئەمانە بنەمایەکن کە بە هیچ شێوەیەک موساهەمەیان لەسەر ناکرێت. با هەموو کەسێکیش ئەمە باش بزانێت.
هەروەها دێمە سەر وەزعی ناوخۆی هەرێم. تەبیعی، وەزعی هەرێم بەدەر نییە لە وەزعی ناوچەکە بە گشتی، بەڵام لە ئۆکتۆبەری ساڵی ڕابردوو هەڵبژاردن بوو لە هەرێمی کوردستان کە زۆر کەس و زۆر لایەن وایان دەزانی، هەڵبژاردن ناکرێت، یان ئەگەر هەڵبژاردن کرا، گرفتی گەورە ڕوو دەدات، موشکیلەی گەورە ڕوو دەدات. هەڵبژاردن کرا و بە شاهیدی نەتەوە یەکگرتووەکان و هەموو ئەو ڕێکخراوانەی کە هاتبوون، هەڵبژاردنێکی بێ گەرد بوو. هیچ هەڵبژاردنێک لەوانەیە لە دونیادا نەبێت، بێ کەموکورتی، بەڵام موقارەنەتەن بە هەڵبژاردنەکانی پێشوو، هەڵبژاردنێکی زۆر زۆر باش بوو و ئەنجامەکانیشی دەرکەوت. ئێمە ئێستەش پێمان خۆشە هەموو ئەوانەی کە کورسییان بەدەست هێناوە، هەر کەسەو بەپێی قەوارەی خۆی، هەموو پێکەوە حکوومەتێک، کابینەیەک دروست بکەین. کوردستان موڵکی هەموومانە و هەمووشمان برای یەکترین، هەموومان کەسی یەکترین.
جوان نییە یەکتری بشکێنین، با ئۆپۆزیسیۆن هەبێت، بەڵام ئۆپۆزیسیۆن بۆ ئەوە بێت، ڕێگەی باشتر پیشانی حکوومەت و پەرلەمان بدات. با لاپەڕەیەکی تازە بکرێتەوە، لێرەدا جارێکی تر داوا لە هەموو لایەنەکان دەکەم بەشدار بن لە جکومەت، بەڵام مەسئولییەتی هەرە گەورە دەکەوێتە سەر شانی پارتی و یەکێتی. تا ئێستە هەنگاوی باشیان ناوە، بەڵام هێشتا ماوە. دەبێت هەرچی زووتر ئیشەکان تەواو بکەن و کابینەکە دروست بکرێت، چونکە وەکوو دەبینین، دەوروبەری ئێمە و لە دونیا هەمووی، قەیرانی گەورە ڕووی داوە و ڕەنگە قەیرانی گەورەش بە ڕێگەوەبن. بۆیە تەنها مەرجی سەرکەوتنی کورد، یەکگرتنی کوردە، کورد و کودستانی.
بۆ ئەم مەبەستەش، هەرچی لە تواناماندابێت، دەیکەین. تەوسییەی منیش بۆ هەموو لایەنەکان بە تایبەت بۆ پارتی و یەکێتی، پەلە بکەن لە دروستکردنی کابینەی حکوومەتی هەرێمی کوردستان.
بە نیسبەت هەرێم و بەغدا و وەزعی عێراق بە گشتی، تا حەددێکی باش هەندێک مەشاکل و گیروگرفت چارەسەرکراون لە نێوان بەغدا و هەولێر، بەڵام هێشتا زۆری ماوە. هەر وەزعی عێراق بە گشتی لە دوای ڕووخانی ڕژێمی بەعس لە ساڵی 2003، عێراقی تازە لەسەر سێ بنەمای ئەساسی دامەزرا؛ هاوبەشی، هاوسەنگی و سازان. یەعنی شەراکەت، تەوازن و تەوافق. بەداخەوە ئیلتیزامی پێ نەکرا. هەروەها لە ساڵی 2005، دەستوورێک نووسراوە بۆ عێراق، کە کورد ڕۆڵێکی سەرەکی بینی لەوەدا و سەدا 85ی خەڵکی عێراق دەنگی پێ دا. ئەگەر ئیلتیزام بەو دەستوورە کرابا، زۆرێک لەو گرفتانەی کە خەڵکی عێراق بە گشتی و پەیوەندیی هەولێر و بەغدا، ڕەنگە ئەو گرفتانە ڕوویان نەدابا.
ئێستەش چارەسەریی بنەڕەتی، گەڕانەوەیە بۆ ئەو سێ بنەمایە و ئیلتیزامکردن بە دەستوور. بۆ ئەو مەبەستەش هەرچی بە ئێمە بکرێت، ئێمە ئامادەین. دەبێت هەموو ئەو هێزانە، چ لە هەرێم، چ لە بەغدا، جورئەتی ئەوەیان هەبێت، دان بە هەڵەکاندا بنێن و دیسان لاپەڕەیەکی تازە بکەنەوە بۆ ئەوەی عێراقیش تووشی گرفتی گەورەتر نەبێت.
هەروەکوو دەبینین لە دەوروبەرمان گرفتی زۆر گەورە هەیە، شەڕی گەورە بەڕێوەیە، شەڕی گەورە ڕووی داوە. ئێمە ئومێدەوارین هەرچی زووتر، ئەو شەڕانە کۆتایی پێ بێت و ئێش و ئازاری ئەو خەڵکە تەواو بێت، چ لە فەلەستین، چ لە لوبنان، چ لە هەر مەنتیقەیەکی تر. بەڵام لە هەموو گرنگتر ئەوەیە کە دەبێت ئەوانەی ئێستا کار بەدەستن لە بەغدا بە هەموو توانایەک هەوڵ بدەن، عێراق لە تێکەڵاوی ئەو شەڕانە نەبێت.
لە کۆتاییدا داوای سەرکەوتن هەم بۆ خەڵکی کوردستان، هەم بۆ خەڵکی عێراق و هەموو گەلانی ناوچەکە دەکەم. تەمەنای بەختەوەریان بۆ دەکەم. تەمەنای ئاشتی و سەلامەتییان بۆ دەکەم. ئێوەش جارێکی دیکە زۆر بەخێربێن سەرچاوان و سوپاستان دەکەین بۆ هاتنتان و هەر لە خۆشیدا بن.
زۆر سوپاس.












## لە ڕۆژی دووەمی پێشانگای نێودەوڵەتی هەولێر بۆ کتێب ، قوتابیان پێشەنگن .

لە ڕۆژی دووەمی پێشانگای نێودەوڵەتی کتێبی هەولێر، دەیان خوێندکار بە یاوەری مامۆستاکانیان، لە هۆڵەکانی پێشانگاکەدا سووڕانەوە، بۆ هەڵبژاردنی چیرۆکی منداڵان و کتێبی زانستی و بەرهەمی ئەدەبی.

وا دیارە ئەم چالاکییە بووەتە نەریتێکی ساڵانە، قوتابخانە ئەهلی و حکومیەکان گەشتی مەیدانی بۆ ئەم بۆنە نێودەوڵەتییە ڕێکدەخەن.










# پیشانگا.. سیمای گەورە شار



■ تاریق کاریزی

لە پێنج شاری عیراق و باشووری کوردستاندا، پیشانگای نێودەوڵەتیی کتێب دەکرێتەوە. بەغدای پایتەخت و هەولێری پایتەخت، سلێمانی پایتەختی ڕۆشنبیریی کوردستان، مووسڵ دووەمین گەورە شاری عیراق و نەجەف ناوەندی حەوزەی عیلمیی ئایینزای شیعە، ئەو شارانەن کە پیشانگای نێودەوڵەتیی کتێبیان تێدا دەکرێتەوە. پێشانگای نێودەوڵەتیی کتێب بۆ هەر شارێك، شکۆ و گەورەییە، نیشانەیە بەوەی ئەو شارە، گەورە و گرنگ و هەستیار و ناوەندییە. من بەختم یار بووە، پیشانگاکانی هەولێر و بەغدا و سلێمانیم دیون، سەردانیم کردوون، ڕێکەوتێکی دانسقەشە کە وەشانکارێکی دۆستم هەیە بەر لە دوو مانگ گوتی «باشترین پیشانگاکانی نێودەوڵەتیی کتێب لە عیراق و کوردستان هەولێر و بەغدا و سلێمانین». بەدەر لەوەی ئێمە تا چەند لەگەڵ ئەو بۆچوونەداین، هەرێمی کوردستان بە 6,5 ملیۆن کەس لە دانیشتووانی دوو پیشانگای نێودەوڵەتیی کتێبی تێدا دەکرێنەوە و عیراق بە تێکڕای پتر لە 46 ملیۆن کەس لە دانیشتووانی، کە پێنج پیشانگای نێودەوڵەتیی کتێبی تێدا دەکرێنەوە، ئەوە نیشانەیەکی گەشە بەوەی خەڵکی ئەم وڵاتە کتێب دۆست و خوێنەرن. نیو سەدە بەر لە ئێستا وتەیەك لە ناوەندی کولتووری عەرەبدا باو بوو دەیگوت: «میسر دەنووسێ، بەیرووت چاپ دەکات و عیراق دەخوێنێتەوە».

چالاکییەکی گەورەی وەك پیشانگای نێودەوڵەتیی کتێب، کە دەیان وەشانخانە لە وڵاتانی جۆربەجۆر و دەیان وەشانخانە لە هەر چوار پارچەی کوردستان تێیدا بەشدارن، بە دڵنیاییەوە ئەرك و هەماهەنگی و بەدواداچوونی زۆر و شارەزا و ئەزموون و پەیوەندیی هەمەلایەنەی پێویستە، بە تایبەتی پەیوەست بەوەی بتوانی خاوەنی دەیان وەشانخانە و دامەزراوەی کولتوور بهێنیتە سەر ئەو ڕایەی، هەزاران ناونیشانە کتێب و چاپەمەنیی خۆیان ڕەوانە بکەن و لە پیشانگادا بەشدار بن، لەم ڕووەوە دامەزراوەی ئەلمەدا بۆ خولی 17 و خولەکانی پێشووی پیشانگای نێودەوڵەتیی هەولێر بۆ کتێب، ڕۆڵی گەورە و کاریگەری هەبووە، لە هەولێریشەوە وەزارەتی ڕۆشنبیریی حکومەتی هەرێمی کوردستان بە تەواوی هاوکار بووە، هەردوو لایان ئاسانکاری و هەماهەنگیی زۆریان کردووە، بۆ ئەوەی دەرفەتی بەشداری کردن لەم ئاهەنگە مەزنە کولتوورییەدا بۆ زۆرترین ژمارەی وەشانخانە و دامەزراوەکانی کولتوور بڕەخسێت.

پێشوازیی گەرمی کوردستانیان و غەیرە کوردستانیان لە هەر خولێکی پیشانگای نێودەوڵەتیی هەولێر، نیشانەیەکی گەشە بەوەی کتێب وەك کاڵای فرە ڕەنگ و فرە تامی کولتوور، لە وڵاتی ئێمەدا کڕیار و هۆگر و خوازیاری زۆرە. بەوەی چاپەمەنیی ئەم پیشانگایە بە سێ زمانی کوردی، عەرەبی و ئینگلیزی شێرەبەشیان بەر دەکەوێت، ئاماژەیە بەوەی خوێنەرانی ئەم سێ زمانە لە ڕیزی پێشەوەی کڕیارانی کتێبدان، وێڕای ئەوە پیشانگاکە کتێب بە زمانانی دیکەش دەگرێتە خۆ.

هەولێر وەك پایتەختی هەرێمی کوردستان ئەمڕۆ سەرووی 12 زانکۆ و دەیان پەیمانگەی تێدایە، لە ئاستێکی باڵای سیاسی و حکومی و جەماوەریش، بایەخ بە کتێب و کولتوور دەدرێت، ڕەنگە بەوەی هەر خولێکی پیشانگای هەولێر لە لایەن جەنابی سەرۆك مەسعوود بارزانی دەکرێتەوە، نیشانەیەکی گەش بێت، بەوەی لە تێکڕای ئاستەکاندا کوردستانیان بایەخ بە کتێب و چاپەمەنی دەدەن، وەك کاڵای بەهاداری کولتوور و دەروازەی گۆڕین و بەرەو پێش بردنی کۆمەڵگە و وڵات.

# کتێب ژیانی گۆڕین، ئەو کەسانەی سەردانی پێشانگەی کتێب دەکەن چیرۆکی خۆیان لەگەڵ کتێب دەگێڕنەوە






لەم سەردەمەی کە ڕووداوەکان زۆرن و سەرقاڵی کاری ڕۆژانە بەرۆکی تاک بەتاکی کۆمەڵگەی گرتووە، کتێب وەکو ڕووناکییەک وایە کە خەڵکی بە گەشبینیەوە دەڕواننە ئایندە و دیدگەیان بۆ داهاتوو جیاوازتر دەبێت.

کتێب جیهانێکە نەدەبینرێت و نەدەشتوانرێت دەستی لێبدرێت، ئەمە گوتەی زۆربەی ئەو کەسانە بوون کە سەردانی پێشانگەی نێودەوڵەتی کتێبیان کرد لە هەولێر، کتێب توانیوێتی جیهان بینینێکی جیاواز و فراوان بۆ خوێنەران درووست بکات کە بیروورایان تەواو گۆڕانی بەسەر هاتووە و بە گەشبینیەوە لە ئایندە دەڕوانن و دەڵێن ئەگەر هەر مرۆڤێک توانای گەشتکردنی نەبوو بۆ ئەوەی ئاشنای کلتوور و فەرهەنگی جیاواز بێت دەبێت کتێب بخوێنێتەوە بۆ ئەوەی بیروورای فراوان بێت .

ئەحمەد یەکێک بوو لەو کەسانەی سەردانی پێشانگەکەی کردبوو گوتی من خەڵکی بەغدادم و بەردەوام کتێب لە نێو دەستەکانمدایە و دەتوانم بڵێم بووە بە هاوڕێی تەمەنم، لە کاتی لێدوانەکەیدا بۆ (المدى) گوتی لەسەرەتای دەستپێکردنم بە خوێنەوە تاوەکو ئێستا چەندین کتێبم خوێندۆتەوە و تەواو بیروورام گۆڕاوە، ئێستا دەتوانم چێژ لە سات بە ساتی ژیانم وەربگرم و بۆ ئێستا بژیم، لەکاتێکدا لە ڕابروو تەواو کەسێکی گۆشەگیر بووم بەرەوام خەفەتم بۆ ئەو کارانە دەخوارد کە تێیدا سەرکەوتوو نەدەبووم، قورسای ژیان تەواو بێزاری کردبووم تاوەکو دەستم بە خوێندنەوە کرد زانیم من کەسێکی بەبەختم و ژیان بە ئاستەنگییەکانیەوە جوانە.

لەهەمانکاتدا سارە کە خەڵکی موسڵەو مامۆستایە لە سوچێکی پێشانگەکە نوقمی نێو کتێبەکان ببوو بە خۆشەویستیەوە دەیڕوانیە بەرگی کتێبە دڵخوازەکەی خۆی و پێی گوتین کە دەستم کرد بە خوێندنەوەی کتێب بەتواوەتی ڕەفتارم لەگەڵ خوێنکارەکانم گۆڕانی بەسەر هات ئێستا زۆر بە شێوەیەکی باش و پڕ خۆشەویستی هەڵسوکەوت لەگەڵ بەرامبەرەکەم دەکەم،ئێستا زیاتر لە هەست و بیروورای بەرامبەر تێدەگەم هەرگیز نەمدەزانی کتێب ئەوەندە کاریگەری هەیە لە گۆڕینی بیروورامان.

لەولاشەوە خالد گوتی من خوێنەری کتێبی مێژوویم و سەرسامم بە مێژووی خۆمان و گەلانی جیهان کتێب بەجۆرێک پێناسەی ڕووداوەکانت بۆ دەکات وەکو بڵێیت لەو سات و کاتەدا ژیان دەکەیت، لەڕێگەی کتێبەوە شارەزای کلتوورو فەرهەنگی زۆربەی وڵاتانی جیهان بووم. لەکاتی گەشتکردن لە نێو پێشانگەکەدا بۆمان دەرکەوت کتێب تەنها چەند لاپەرەیەکی نوسراو نییە،بەڵکو دەرگایەکی پڕ گەشبینیە و هۆکارێکی ڕاستەقینەیە بۆ گۆڕانکاری بنچینەیی لە مرۆڤەکاندا.



# کاتێک کتێب دەدوێت..پێشانگەی نێودەوڵەتی کتێب لە هەولێر چیرۆکەکان بۆ جیهان دەگێڕێتەوە



■ نورعبدولقادر

> لە نێو جەرگەی هەولێردا و لەسەر خاکی کوردستان، هەنگاوی گەورەو گرنگ دەنێت بۆ پێشکەوتنی کلتور، نەتەوە جیاوازەکان لەسەر یەک زمان ڕێککەوتوون ئەویش زمانی کتێبە ، لە پێشانگەکەدا کتێبەکان بە بێدەنگی دەدوێن، کلتوری نەتەوە جیاوازەکان لەنێو پەرەکانی کتێبی شعر، چیرۆک ئەدەب بەدی دەکرێت.

پێشانگەی نێودەوڵەتی هەولێر تەنها چالاکیەکی ئەدەبی نەبوو بەڵکو بووە گۆرەپانی کۆکردنەوەی بیرە جیاوازەکان و گەشتێک کە هەموو سنوورەکان دەبرێت.

زیاتر لە 300 چاپخانە، هەزاران کلتووری جیاوازی لە کتێبەکاندا بەچاپ گەیاندووە.

لە یەکێک لە سوچەکانی پێشانگەکا، گەنجێکی سوری وەستابوو کە لە بیستەکانی تەمەنیدا بوو، کۆمەڵێک پەرتووکی منداڵانی پێبوو کە بەچاپی گەیاندبوو، ئەو نووسەری کتێبەکان نەبوو بەڵام پردی گەیاندنی تاریکی بوو بۆ ڕووناکی،دوای چەندین ساڵ مانەوە لە کەمپی ئاوارەکان دەستی بە ظاپکردنی پەرتووکی منداڵان کردووە بۆ ئەوەی هیوا بۆ منداڵە لێقەوماوەکان بگەڕێنێتەوە و کە دوانمان گوتی چەندین ساڵە بەهیوای ئەوەم بەشداری لە پێشەنگەیەکی وا گرنگ و پێشکەوتوودا بکەم بەڵام دەرفەت نەدەرەخسا بۆم ئەمرۆ زۆر دڵخۆشم کە بەخەونەکەم گەشتووم و بەسەر ئاستەنگیەکانی ژیاندا سەرکەووتم.

لە درێژەی گوتەکانیدا گوتی دەمەوێت بە شێوەیەکی جوان لە مێشکی منداڵەکاندا بمێنمەوە و گەشبینانە لە داهاتوو بڕوانن هەموو ئەو خەونانەی کە من بە منداڵی هەمبوو نەهاتنە دی ئەوان بیهێنە دی.

لە ڕۆژی یەکەمدا هاونیشتمانیان چۆن پێشوازیان لە دروشمی (جیهان بە کوردی دەدوێت) کرد؟

لە یەکەم ڕۆژی چالاکیەکانی پێشانگەی نێودەوڵەتی کتێب لەهەولێر، دروشمی جیهان بە کوردی دەدوێت بابەتی سەرەکی گوتەی میوانەکان بوو، کە بە هەیەجانێکی زۆر و گەشبینیەوە بۆ پێشانگەکە هاتبوون.

ئەم دروشمە لەلایەن سەردانیکەرانەوە پێشوازیەکیی زۆری لێکرا و زمانی کوردی بە زمانێکی دەوڵەمەند دەزانن و شانازی هاونیشتمانیان بە زمانی کوردیەوە لە چاوەکانیاندا دەبینرا.

هاونیشتمانیان هاورابوون کە دروشمی جیهان بەکوردی دەدوێت تەنها لە چوارچێوەی دروشمێکدا نامێنێتەوە بەڵکو نامەیەک بوو بۆ هەموو جیهان کە زمانی کوردی پارێزگاری لە مانەوەی دەکات.

یەکێک لە سەردانیکەرەکان دەڵێت: ئێمە هەمووومان هەست بە پەیامی ئەم دروشمە دەکەین و لە ناخی هەمووماندا زمانی کوردی کە زمانی دایکە جێگەیەکی تایبەت و گرنگی هەیە، پارێزگاری لە کلتورو شوناس و مێژوومان لەڕێگەی چاپکردنی دەیان کتێبی کوردی دەبێت، ئێستا خوێنەرێکی زۆر هەن کە گرنگی بە مێژووی وڵاتەکەمان دەدەن.

سوعاد مامۆستایە و خەڵکی سلێمانیە و سەردانی پێشانگەکەی کردووە و دەڵێت درووشمەکە هەنگاوێکی نوێیە بۆ بەرەو پێشبردنی زمانی کوردی.

ئێمە دەمانەوێت زمانی کوردی شوێنی لەریزبەندی زمانەکانی جیهاندا هەبێت و خەڵکی بە گرنگی بزانن کە فێری زمانەکەمان بن.

لە دیدارێکی تایبەتدا لەگەل عاد شتات خاوەنی یەکێک لە چاپەمەنییەکان گوتی: من هەست دەکەم وەرگێران لە نێوان زمانیعەرەبی کوردی هەنگاوێکی گرنگە بۆ بەرەوپێشبردنی کلتورمان چونکە لەڕێگەی وەرگێرانە وە بیروورای نێوان نەتەوەکان ئاڵوگۆڕدەکرێت بەمەش زیاتر ئاشنای کلتوری یەکدی دەبین.

دروشمی جیهان بەکوردی دەدوێت تەنها بە دروشمی نامێنێتەوە بەڵکو دەبێت بە پردێک لە نێوان خەونی کورد و ڕاستی ئێستای جیهاندا، ئێستا دوای چەندین ساڵ پێشانگەی کتێب لە گەولێر بووە بە دەنگێکی گرنگ لە ناوچەکەدا و هیوادارین زمانی کوردی و کلتور و فەرهەنگمان بە جیهاندا بڵاو ببێتەوە.


میوانەکانی پێشانگای نێودەوڵەتی هەولێر بۆ کتێب 2025
عیماد ئەلدین حسن
بەڕێوەبەری نووسین
محەمەد سەلماوی
نووسەر
سەید مەحمود
ڕۆژنامەنووسی ڕۆژنامەی "الأهرام"
نازلی مەدکور
شێوەکار
ئەشرەف ئەلعەشماوی
ڕاوێژکار و ڕۆماننووس
نادیە سەلاح
لێکۆڵەر
هاشم شەفیق
شاعیر و ڕۆژنامەنووس
ڕەشید ئەلخەیون
نووسەر و ڕۆژنامەنووس
فواز ترابولسی
نووسەر
عەبدە وازن
شاعیر و ڕۆژنامەنووس
بەدریە ئەلبشر
ڕۆماننووس
جەمال سلێمان
ئەکتەر
خەلیل سویلح
نووسەر و ڕۆماننووس
سائیر دیب
نووسەر و وەرگێڕ
یاسر عبد ربە
چالاکوان و سیاسەتمەدار
لیانە بەدر
ڕۆماننووس
جیهان بە کوردی دەدوێت
پێشانگای نێودەوڵەتی هەولێر بۆ کتێب 17
+964
Media Culture & Arts